# دەستبیحەکەی مام جەلال

جەزا چنگیانی

ڕۆژی ۲۰۰۳/۰۵/۱۵ لە تەلەفزوینی یەکێتیەوە ( کورد ساتەوە) هەواڵ و دیمەنێك (بەخۆشیەوە ڕایچڵکانم، وێنەکانی ئەو هەواڵە. بوونە زەردەخەنەوە پەرینە سەر لێوی هیوا و ویستیکی گەلێك کۆنم) . ئەو ویستەی لەو ساتەوەی بیر و هزری نەتەوایەتیم تێدا بزواوە. بۆ دەوڵەتیکی کوردی و کوردستانێکی ئازاد و دیموکرات دەژیم. وەلی لەو کاتەوەی بووین بە بەشێك لە عیراق، حەزمکردوە کورد وەك مرۆڤێکی هاوبەشی عیراقی ئاوڕی لێبدریتەوە. لە ساڵی ۱۹۲۱ بە دوا وە هەرکاتێك وەزارەتێك لە عیراقدا دروستکرابێت ئەوە زۆرجار وەزارەتە لاوازەکانیان داوەتە چەند کەسایەتێکی لاوازی کورد تەنیا بەمەبەستی بۆشای پڕکردنەوە ودەم کوتکردنی گەلی کورد. ڕۆژی ناوبراو. بۆ یەکەم جار بینیم سیاسەتمەدارێکی کورد ( (تاڵەبانی) وەك سەرۆك کۆمار یان وەزیری دەرەوەی عیراق پێشوازی لە سەفیری تورکی لە بەغداد کرد. هەرچەندە سیاسەتی ( تاڵەبانی) لە مەڕ ئاشتی نێوان براکان و پرۆسیسی بە دیموکراتیزەکردنی سیاسەتی کوردی و قۆرخکردنی دەسەڵاتی ڕەها ۱۰۰٪ لە ناو یەکیتیدا لام پەسەند نیە. وەك سیاسەتمەدارێك کاتی بەسەرچووە. وەلیّ مادامێکی کوردە و پیرۆزە. ئەو چاوپێکەوتن و گفتوگۆیە لە نێوان لیژنەی دەسەڵاتی کوردی بەڕێزان ( نەوشیرەوان مستەفا ودکتور فوئاد) ، ئەگەرەکوش بۆماوەیەکی کەمیش بیت زەردەخەنەی خستە سەر لێوانم. بۆ کورد جیێ دڵخۆشیە کە سیاسەتمەداریکی کورد (تاڵەبانی) پیشوازی لە سەفیری نۆی وڵاتێك بکات کە خۆی بەشێکی کوردستانی داگیر کرەوە. ئەمە خۆی مژدە بەخشە .وەلیّ ناشیرینترین دیمەن ( شێوەی دانیشتنەکەی تاڵەبانی بوو. کە لەسەر قەراغی پیشەوەی کورسێکە بەرامبەر بەسەفیری تورکی) دانیشتبوو و قسەی دەکرد و سەفیری تورکیش پاڵیدابووە و لە هەڵویستێکی بەهێز و خۆ بەگەورەزانتر لە تاڵەبانی پاڵی دابوەوە. ئەم شێوە دانیشتنە تینەگەیشتنی تاڵەبانی لە هونەری دبلۆماسی نیشاندەدا. بە پییێ زانستیە دەروونیەکانیش ئەو جۆرە دانیشتنانە ( خۆ بە بچوکدانانە بەرامبەر بە بەرامبەرەکەت) . ( نەك ڕێز) بە هەردوو دەستیشی خەریکی (دەستبیحین) بوو، ( دەستبیح) تەنیا کولتوری کورد نیە. تائیستا کێ سیاسەتمەداریکی ( تورکی، ئیرانی، عەرەبی، ئەفغانی) بینیوە لە ژوانێکی سیاسیدا بەرامبەر بە میوانی سیاسی ( دەستبیحین) بکات ؟؟؟!!!.

ئەم دیمەنە لە شانوی سیاسیدا ئەوەندە ناشیرین و پرێمێتیفە وەك ئەوە وایە لە ڕەستورانێکدا لەبەرچاوی کۆمەڵی نانخۆر دەست بەلوتدا بکەیت، بەهیوای ئەوەی جارێکی تر ( تاڵەبانی) لە ژوانی سیاسیدا ( دەستبیحین) نەکات و ئاگای لە شێوەی دانیشتن وتەوقەکانی بیّ، چونکە جل و بەرگ و بوین باخ و گرتنی پەرداخ و کەوچك وچەتاڵ. لە ژوان و میوانداریە سیاسیەکاندا ڕووی هوشیاری و کەسایەتی کەسی سیاسی نیشاندەدا، هاوبیران و دڵسۆزانی ( تاڵەبانی) کاریکی چاك دەکەن لیّ بیاڕێنەوە. وەك چۆن گۆچانەکەی فریّ داوە کاتی فەلاقەکردنی پیشمەرگەی کۆنکرد *، ئاواش ئەو (دەستبیحە) نەعلەتیەش تووڕبدا، هیوادارم لە دەسەڵاتی داهاتووی عیراق دا سیاسەتمەدارانی کورد تەنیا ئەو وەزارەتانە وەرنەگرن کەوەك بۆشاین. بەڵکۆ بە ئومێدی ئەوەی کەسانێکی بەڕێزی وەك کاك مسعودبەرزانی و بەڕێز دکتور بەرهەم وجێگەیان سەرۆك کۆماری عیراق و وەزیری دەرەوە و پترۆڵ بێت. ئەمەش دەکەویتە سەر ئاستی کەسایەتی سیاسەتمەدارانی کورد. ئیتر بەسە پاشکۆ بوون و براچوکبوونی سیاسەتمەدارانی عەرەب.

* گۆچانەکەی مام جەلال سەرگورشتەی زۆرە و یەکیك بوو لە ئامیرەکانی ئەشکەنجەی پیشمەرگە و ئەندامانی سەرکردایەتی لە شاخ. کاتیك مەلا بەختیار لە دیێ (یاخسەمەر) یەخسیری یەکیتی بوو. هەلی بۆ هەڵکەوت و ڕایکرد. پاسەوانەکەی مەلا بەختیار پێشمەرگەیەکی لاوی کریکاری خەڵکی گەڕەکی هەژارنشینەکان (خانوە قورەکانی) سلیمانی بوو بە ( ناوی وەستا عبدول) . مام جەلال ئەم پیشمەرگە داماوەی بە داریکەوە بەستەوە ئەوەندە بیویژدانانە بە گۆچانەکەی ئەشکەنجەی ئەوپیشمەرگە لاوە داماوە هەژارەی دا. چوار پەراسوی شکان.

15/03/2003

تێبینی کوردستان نێت:

ئەم نووسینە دەربڕینی بیروبۆچونی خاوەنەکەیەتی، کوردستان نێت لە ناوەڕۆکەکەی بەرپرسیار نییە.

www.kurdistannet.org